## بەرنامەنووسین بە زمانی کامپیوتەری (ویژوال بەیزیکBasic ) بۆ منداڵان .

ئینترنێت و کامپیوتەر وەها دەگەڵ ژیانی رۆژانەی مرۆڤی ئەم سەردەمە یەکانگیر بووە،کە دەکرێ بگوترێ لە داهاتوویەکی نزیکدا پێشوەچوونی کاری ڕۆژانەش بەبێ کەڵک وەرگرتن لەم ئامرازە بە نرخە باش نەچنە پێش . زانستی کامپیوتەر یەکێک لە گرنگترین بەشەکانی زانستی گشتییە ؛ هەر بۆیە چ باشترە کە بۆ فێربوونی ئەم گرنگە، لە منداڵییەوە، هەوڵێکی ڕاست و دروستی بۆ بدرێت .
بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، من هەول دەدەم بە شێوەیەکی زۆر ساکار سەرنجی منداڵان بۆ دەستپێکردنێکی سەرەتایی رابکێشم. هیوادارم ئەم کارەی من ببێتە کلیلی کردنەوەی دەرگایەکی بچکۆلانە، کە بەسەر ئەم جیهانە بێ سنوورە دا دەڕوانێت و بروسکەیەک بێ بۆ ژیانی رۆشنی داهاتوی کچان و کوڕانی کوردەواری. شوانە خاکەلێوەی 2704

بەو نووسراوەیە حەولی بەرنامەنووسین بە زمانی ویژوال بەیزیک دەدرێ کە یەکێک لە هاسانترین زمانەکانی بەرنامەنووسی کامپیوتریە . لە سەرەتادا فێردەبین کە بەرنامەی کامپیوتری چلۆن پێک دێن و بۆ پێکهێنانی ئەوە چ پێویستیکمان دەوێ !

## بۆ باشتر فێربوون ئەو کەسانەی خوارەوە هاوڕییتان دەکەن !



سەلام , ئەمن هیوام . دۆستە نزیکەکانم بە من دەڵێن هەوا ! من و دوو دۆستەکانم: هاورێ و هەرمێ، یارمەتیدەری ئێوەی منداڵانی کورد دەبین لەم بەرنامەیە دا .ئێستا پێکەوە دەمانەوێ روونی بکەینەوە کە چلۆن (ویژوال بەیزیک) کار دەکا و چ بەرنامەگەلێکی گرنگ و ماقولی پێ دەنووسرێ !



سڵاو , من ( هەرمێ)م و خوشکی( هاورێ)م . ئێمە دەمانەوێ بۆخۆمان بەرنامەیەکی کامپیوتری بنووسین . لە بەختی خۆمان (هەوا)مان لەگەڵە . هەوا زانستی کامپیوتری زۆر باشە و لەم بوارەدا یارمەتیدەرمان دەبێ.



سەلام , ئەمن (هاورێ)م . برای(هەرمێ)م . من بێ سەبرانە چاوەڕوانی ئەو کاتە دەکەم کە چۆن دەتوانین بۆخۆمان بەرنامەیەکی کامپیوتری بنووسێن ! (هەوا) شارەزای ئەم کارەیە و گەلێک باش دەتوانی یارمەتیمان بکا .



**دیارە تۆ لێرە هەر یەک شت فێر نابی ، بەڵکوو دەمانەوێ چەند دەمێک پێکەوە خۆش ڕابوێرین و گەڵێک یاری پێکەوە تاقی بکەینەوە . بۆ ئەوەی کە ئێوەی کە ئێوەی منداڵانی کورد بەچاکی لەو نووسراوەیە کەڵک وەربگرن، بۆ ئاگاداریتان لە پەنای نووسراوەکان دا وێنەی بچکولانەم گەلێک ئامرازی پێویستیشمان داناون. لە ئێوەی ئازیزیش دەخوازین کە ئەو ئامرازانەی کە بە کارەکەتان دەشێن لە بیری خۆتان دا رایان گرن .**

## بەشی یەکەم

## بەشی دووەم

## بەشی سێ

# بەرنامەنووسین بە زمانی کامپیوتری (ویزوال بەیزیک ) بۆ منداڵان

## بەشی یەکەم

### بەرنامە نووسین چییە ؟

**لەو بەشەدا ئەوانە فێر دەبی :**

**بەرنامەی کامپیوتەر چییە و چۆن پێک دێ ؟**
**چۆن دەتوانین لە کامپیوتەرەکەمان داوا بکەین کە کارێکمان بۆ بکا؟**
**زمانی نووسینی کامپیوتەر چییە ؟**
**چەند جۆر زمانی نووسینی کامپیوتەرمان هەن ؟**
**بۆچی ویزوال بەیزیک مان هەڵبژاردووە ؟**



**دەی وەرن با پێکەوە یاری شش خان بکەێن !**



**نااا , بەراستی ماندووم . تاقەتی یاری و حەوسەلەی شش خانەم نیە !**



**ئاها ئێستێ دەزانم ! وەرن با یاری بازەڵێن بکەێن !**



**ئەو یاریەشمان هەزارجار کردووە ! ناتوانین ئێمە شتێک بە کامپیوتر بکەێن ؟**



**ئەمن شتێکم بە فکر گەییشت ...**



تۆخوا چی !!



پێتان چۆنە ئێمە بە جێی کڕینی بەرنامەی کامپیوتەری , خۆمان بەرنامەیەک ساز بکەین !



بەخوا ئەوە داهێنانێکی باشە . با هەر ئێستا دەست پێ بکەێن !



بەلام بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، یەکەم دەبێ بزانین بەرنامەی کامپیوتەر بنووسین و دوویەمیش کامپیوتەریکی زۆر باش و چالاکمان دەەبێ هەبێ ، وەنا ؟



سەبارەت بە خاڵی یەکەم ، راست دەکەی ! بۆ پێکهینانی بەرنامەیەکی کامپیوتەری مرۆ دەبێ بتوانی بەرنامە بنووسێ . بەلام سەبارەت بە خاڵی دووەم , من دەگەڵت نیم ! بۆ نووسینی بەرنامە پێویست بە کامپیوتەریکی گەورە و گران نییە . کامپیوتەریکی ئاسایی دەتوانێ ئارەزووەکانی ئێمە بەجێ بگەیەنێ.



دەی باشە ئێستێ لە دەستپێکی کار دا چیمان پێویستە ؟



ئاها : گرنگترین شت ئەوەیە کە پیاو بزانێت بە چ زمانێک بەرنامەی کامپیوتەر دەنووسرێت.



**زمان ؟ یانی وەک زمانی کوردی یا ئینگلیزی ؟**



**ئەری , بۆچوونەکەت خراب نییە . بەلام ئەو زمانە لە هیچ ولاتێکی دنیا دا قسەی پێ ناکرێ. زمانی کامپیوتەر یارمەتیمان دەدات کە بە بەرنامەیەکی وەک ویزوال بەیزیک بە کامپیوتەرەکە بڵیی کە ئەو چی دەبێ بکا و ئیشەکەی بۆ دیاری بکەی !**



**ئەوە بەو مانایەیە کە پیاو بۆ بەرنامە نووسین دەبێ بە زمانی کامپیوتر قسان بکا ؟**



**نە بەو شێوەیەی کە تۆ پێت وایە , لە راستیدا مرۆڤ بۆ نووسینی بەرنامە کەڵک لە زمانی کامپیوتەری وەردەگرێ , کە کامپیوتەریش دوایی لەو زمانە حالی دەبێ .**



**وەکو ئەو بەرنامانەی کە دەتوانین لە دووکانان بیکڕین ؟**



**دیارە . بەلام بۆئەوەی وەک بەرنامەی دووکانان بێتەوە , دەبێ زۆر چاک بتوانی بەرنامە بنووسی. هەموو کەس هەر ئاوا دەست پێدەکا . کێ دەزانێ , لەوانەیە توش رۆژێک بە تەرتیبێک بەرنامەی باش و سوودمەند بنووسی، کە بتوانی بەرنامەکانت بفرۆشی.**



**هاواڵەکانمان پێیان سەیر دەبێ , ئەگەر ئێمە بتوانین بەرنامەیەک بنووسین !!**

# چەند جۆر زمانی نووسینی کامپیوتر هەن !



من بیستوومە کە چەندین زمانی کامپیوتەری هەن ! بەراست بۆچی ؟



ئەوە وایە . هەر وەکوو چلۆن خەڵکانی هەر ولاتێک زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ بەرنامەنووسینیش زمانی جۆراوجۆر هەیە . ئەوەش دوو هۆی هەیە :

یەکەم : لە ڕابوردوو دا زۆربەی زمانەکانی کامپیوتەر لە لایەن ئینسانە بیرەوەند و زاناکانەوە دورست کراون . هەریەک لەو زانایانە زمانێکی بەجۆرێک دارژتووە و نێوێکی لێ ناوە و خستوویەتە بازاڕ. لەگۆشەکانی دیکەی جیهانیش ئەو کارە دووپات کراوەتەوە . بۆیە هەموو وەک یەک نین !

دووهەم : ئەوەیە کە هەر بەرنامەیەک لە ژێر زمانی خۆی دەنووسرێت . هەندە بەرنامەیەک هەن کە دەتوانن بە نووسراوە یان بە وێنە و بە جۆری تر بدرێن بە کامپیوتەر و لێی وەرگرنەوە. بەرنامەی واش هەیە کە حیساباتی پێ دەکرێ و هی واش هەیە وێنەی پێ دەکێشرێتەوە !

ئەو بەرنامانەی کە مندالان یاری پێ دەکەن ، سەیارەی پێ لێ دەخوڕن و فڕۆکەی پێ هەڵدەفڕێنن،بە زمانی تایبەتی خۆی نووسراوە .



ئەمڕۆکە لە کامپیوتەرەکان دا زیاتر لە کام یەک لەو زمانانە کەلک وەردەگیرێ ؟



یەکەم ئەوە ویزوال بەیزیک ، کە زمانێکی زۆر سادەیە و زۆر زوو دەکرێ لێی فێری بێ و ئێمەیش دەمانەوێ بەو دەستپێ کەین . دواییش زمانی وەک تۆربۆ پاسکال و دیلفی هەن .

تۆربۆ پاسکال ئەورۆ زۆر کەلکی لێ وەرناگیرترێ . دیلفی ش هەروەک ویزوال بەیزیک خۆش و لەبەر دلانە.

زمانی وەک یاوا و سێ ++ یش هەن کە لە بەرنامەنووسی پوختە دا کەلکی لێ وەردەگرن وبەرنامەی زۆر پوخت و تەسەل و دەوڵەمەندی پێ دەنووسرێ .

بەر لە هەر شتێک و لە دەسپێک دا دەبێ ویزوال بەیزیک 6.0 لە سەر خەزێنەی کامپیۆتەرەکەت دامەزرێنی.

| | | |
|---|---|---|
| ڤیژوەل بەیسک | ویزوال بەیزیک | Visual Basic |
| | ++سێ | C ++ |
| جاڤا | یاوا | Java |
| | تۆربۆ پاسکال | Turbo Pascal |
| | دیلفی | Delphi |

## بەرنامەنووسین بە زمانی کامپیوتری (ویزوال بەیزیک ) بۆ منداڵان

### بەشی دووهەم

لەو بەشەدا ئەوانە فێر دەبی :

چلون بەرنامەی ویزوال بەیزیک ی 6.0 دەکەینەوە ؟

چەند بەش پەنجێرە لە بەرنامەی بەیزیک دا هەیە ؟

لیستی (کەرەسە) چییە و بۆچی بەکاری دێنی ؟

پەنجێرەی تایبەتمەندی چییە و دەتوانی چی پێ بکەی ؟

پرۆیەکت (پرۆژەکت)چییە ؟

چلون دەتوانی پرۆیەکت(پرۆژەکت) بکەیەوە ؟

(کردنەوەی بەرنامەی ویزوال بەیزیک ی 6.0 دوای دامەزراندنی لە سەر کامپیوتەرەکەت)


Start.exe فایلی  بۆ هەوەڵین جار کە ویزوال بەیزیک ی 6.0 بکەیتەوە (وێنەی 1) دووجار بە مشکەکەت کلیک بکە(وێنەی2) پرۆیەکتێکی(پرۆژەکت) خالی دەکرێتەوە(وێنەی3) .

تۆ لە وێنەی 3 دا  ژمارەیەکی زۆر نووسراوە و وێنەی بچووک دەبینی، کە لەوانەیە لە سەرتای کار دا رەنگە کەمێکیش ترسێنەر بێ , بەلام سەرت لێ نەشێوی، دوای چەند کەرەت ئیش کردن بەو بەرنامەیە، هەمووی ئەوانە زۆر هاسان و ئاسایی دەبن .


1 2 3








ئەوەی کە لە پێش هەموو شتێکدا سەرنج ڕاکێشەرە، ئەو پەنجێرە بۆرەیە کە تەواوی بەرنامەکانمان لە نێو ئەودا دەبێ بنووسین !





4




5




6




7

لە بەشی چەپی لاپەڕەکەدا (وێنەی 4 ) پەنجێرەیەک دەبینی کە چەندین وێنەی بچکۆلەی تێدا دەبیندرێت .

ئەوە لیستی کەرەسەی کارەکەمانە و بۆ نووسینی بەرنامەکان یارمەتیمان دەدەن .

لە بەشی راستی لاپەڕەکە دا(وێنەی5 )بڕوانە. ئەم پەنجێرەیەی کە ژمارە و نووسراوەی لاتینی تێدا دەبیندرێ، پێ دەڵێن پەنجێرەی تایبەتمەندی . لە پەنجێرەی تایبەتمەندی دا بۆ نمونە دەتوانین درێژی ، پانی و یا ڕەنگی ئەو بەرنامەیە دیاری بکەین،کە دەمانەوێ بینووسین .

(وێنەی6 ) یا پەنجێرەی پرۆیەکت(پرۆژەکت)،دەتوانی لەوێدا هەموو قوناغ و بەشەکانی بەرنامەکەت ببینی .

لە (وێنەی7 ) دا دەتوانی چۆنیەتی و ئەندازەی بەرنامەکەت ببینی .



له (وێنەی8 ) دا پەنجێرەی ئەسڵی کەلە سەرەوەی بەرنامەی ویزوال بەیزیک دا دەبیندرێ ، دەتوانین هەموو کردەوە و تایبەتمەندیەکانی ئەو بەرنامەیە هەڵبژێرین .
ڕەنگە ئەلان بڵێی « وەڵا دەڵێی گوێزم بۆ دەبژێرن » . بەڵام هە موو کارێک لە سەرەتاوە هەر وایە، دوای ماوەیەک ئیش پێکردن هاسان و ئاسایی دەبێت .



دەی باشە منداڵەکان ، ئێستا دەتوانین دەست پێ بکەێن !
بۆ نووسینی هەر بەرنامەیەکی ویزوال بەیزیک ، پێویستیێکی زۆرمان بە نووسین و ڕەسم کردن و وێنەکێشان هەیە . کە تەواوی ئەوانە لە ژێر ناوێک دا، کە خۆمان لە بەرنامەکەمانی دەنێن ، کۆیان دەکەینەوە و دەیان گونجێنین کە پێکەوە پرۆیەکتێک(پرۆژەکت) پێک دێنن .






9 10

بۆ کردنەوە و یا نووسینی پرۆیەکتێکی(پرۆژەکت) نوێ، دوای ئەوەی کە وەک لە سەرەتاشەوە کوتمان، ویزال بەیزیک ـ مان کردەوە
، هەڵدەبژێرین .Start.exe ( وێنەی 9 )
لەپێش هەمووشتێکدا دەبێ نێوێک بۆ بەرنامەکە بدۆزینەوە و لە ژێر نێوەکەی دا کە دۆزیوتەتەوە بیدەین بە مێشکی کامپیوترەکە. Save
کاتێ پرۆیەکتەکە بکەینەوە ، هەروەک باسمان کرد ، پەنجێرەیەکی بۆر دێتەسەر لاپەڕەکە، کە دەبێ بەرنامەکەمان لەوێدا بنووسین !
پێش ئەوەی هیچ ئاڵ و گۆڕێک پێک بێنین، یا دەست بە نووسینی بەرنامەکەمان بکەین، لاپەڕە بەتاڵە بۆرەکە تاقی دەکەینەوە . بۆ تاقی کردنەوە، یا دەبێ بە مشکەکەت یەکجار لە سەر( وێنەی 10 ) کە لە نێو پەنجێرەی ئەسڵی لە سەرەوەی بەرنامەی ویزوال بەیزیک دا دەبیندرێ ، کلیک بکەی ،
F5 یان بە دوکمەی یەکسەر ستارتی بکە .



F5سەبرکەن ،منداڵینە ئەلان ستارت دەکەم ! ئەوەش ستارت بە !



حەی ! خۆ ئەوە دوای ستارت هیچ شتێکیش روی نەدا !!



دەیجا دیارە چ روو نادا ! خۆ ئێمە جاری هیچمان نەنووسیوە !



وەلاهی ئەوە هیچ نەبوو ! خۆ ئەوە لاپەڕەیەکی بەتاڵە و هیچ بەر و بەرهەمێکی تێدا نەبوو!



ئەگەرچی ئێمە هیچمان تێدا نەنووسیوە، بەلام واش نییە کە هیچ بەرهەمێکی نەدابێت!
ئەگەر جوان سەیری ئەو لاپەڕە بەتاڵە بکەی، لە بەشی سەرەوەی دەستی راستت، بە یارمەتی مشکەکەت،دەتوانی ئەو لاپەڕەیە گەورە ، یان بچووک بکەیتەوە، یا خود بە تەواوی دایخەی . ئەو کار و کردەوانە بە شێوەیەکی ئوتۆماتیک لە لایەن بەرنامەی ویزوال بەیزیک ەوە جێ بە جێ دەکرێن.



وایە !! وادیارە بەرنامەکەمان بەبێ ئەوەی کە هیچمان تێدا نووسیبێ، بۆ بەرهەم بەخشین ئامادەیە !



نا ئیدی بەرنامەکەمان هەر بەم تەرتیبە ساکار نامێنێتەوە ! من پێموایە بەرنامەکەمان لانی کەم دەبێ چەند کار بتوانێ بکا !



ئەدی چلون بینەوە جێگاکەی پێشوومان ؟



ئێستێ پێت دەڵێم ! یەک جار کلیک لەسەر ( وێنەی 11 ) کە لە نێو پەنجێرەی ئەسڵی لە سەرەوەی بەرنامەی ویزوال بەیزیک دا دەبیندرێ و یا کلیکێک لەسەر عەلامەتی زەربی پەنجێرە بۆرەکە بکەیت بەسە!



11



یەکێک لە ئیشەکان ئەوە بێ، کە ئەگەر کلیک لەسەر جێیەک بکەین، دەنگێکی لێوە بێت !



ئاااا !! ئەوە دیتن و خوێندنەوەیەکی باش بوو بۆ داهاتووی بەرنامەکەمان ! پێم وایە بۆ ئەورۆ ئیتر بەسە و لە بەشی سێیەم دا درێژە بە بەرنامە کەمان دەدین !

مندالانی خۆشەویست، لێرەدا ئیشی ئێوە ئەوەیە کە ئەوەی کە تا ئێستا باسمان کردووە، دووپاتە و سێ پاتەی بکەنەوە تاکوو بەشی سێیەمی فێربوونەکەمان بەباشی برواتە پێش .

## بەرنامەنووسین بە زمانی کامپیوتری (ویزوال بەیزیک ) بۆ منداڵان

**بەشی سێ**



**ڕۆژباش منداڵەکان ! لێرەدا بەرنامەکە لەسەر پێشنیاری هەرمێ،بۆ بیستنی دەنگێک درێژە پێ دەدەین .**



**لەپێش هەموو شتێکدا دەبێ چ بکەین ؟**



**بە بڕوای من لەپێش هەموو شتێکدا دەبێ ناوێکی باش بدۆزینەوە بۆ بەرنامەکەمان !**



**باشە . بۆ ئاگاداریتان ، هەر پرۆیەکتێکی(پرۆژەکت) تازە لە لایەن پرۆگرامی بەیزیک ەوە ئاوتۆماتیک (فۆرم 1) ی دەدرێتێ کە دوای ستارت لە سەرەوەی پەنجێرەکە دەبیندرێ !Form 1 ناوی**
**پێتان چۆنە هەر ناوی (دەنگ) بۆ بەرنامەکەمان هەڵبژێرین و ناوی بنێین ( دەنگ)؟... ها !**



**من زۆرم پێ باشە . ناوی خۆی بە خۆیەوەیەتی !**



**بۆ گۆڕینی ناوەکە، ڕاستەوخۆ بە مشکەکە لە ناو پەنجێرەی تایبەتمەندی بە جێی (فۆرم 1) دەنووسین دەنگ .**
**هەروەک دەبینین ناوی سەرەوەی پەنجێرەکە گۆڕدرا.**



زۆر بەجێیە ...یەکەم هەنگاومان لەم بوارە دا هەلێنایەوە !



ئێستا دەبێ جێگایەک لەسەر پەنجێرەکە تەرخانی ئەمە بکەین کە ئەگەر ویستمان بە مشکەکە کلیکی لەسەر بکەین،دەنگێکی لێوەبێ !



وایە . ئەمە کارێکی هاسان و گەلێک ئاساییە !

هەروەک لەبیرتانە، لە بەری چەپی بەرنامەکەماندا لیستەیەکمان ناسی بە ناوی لیستی (کەرەستەی کار) (وێنەی 4 ) . بۆئەوەی کە بتوانین جێگایەک یا دوکمەیەک رەسم کەین تاکو هەڵبژێرین .

CommandButton بە چاویش بێنین ، دەبێ لە ناو لیستەکە وێنەی

بۆ ئاگاداریتان ئەگەر بە مشکەکەت لەسەر وێنەکانی ناو لیستی (کەرەستەی کار) ئیستێک بگرین و ڕابوەستین،ناوی وێنەکان خۆ دەنوێنن و وەدیار دەکەون. بەم جۆرە دەتوانی ئەو وێنەیەی کە مەبەستمانە، هەڵیبژێری !

بە زمانی کوردی بە مانای دوگمەیە(قۆپچە) .Button

ئەگەر دوو جاری بەدوای یەکدا کلیک بکەین، ئەو دوکمەیە دەهێنێتە ناو پەنجێرەکەوە .

ناوی دوکمەکەیە کە پرۆگرامەکە ئۆتۆماتیک ئەو ناوەی لێ ناوە . Command 1


بەلام دەتوانین ئەو ناوەش بگۆرین و خۆمان ناوێکی بۆ هەڵبژێرین.



واباشە چونکە ئەوە پەیوەندی بە دەنگەوە هەیە ، ناوی بنێن دەنگ !



زۆرباشە هەرواش دەکەین !



لە بەرنامە نووسیندا هەمیشە دەبێ ئەوە بزانی کە بەرنامەکەت رەنگە منداڵی دیکەش کەڵکی لێ وەرگرن ؛ جا بوویە دەبێ ناوەکان وا هەڵبژێری کە هەموو بتوانن زوو لێی تێبگەن.



لەژێر پەنجێرەی تایبەتمەندی و، بەشەرتێ کە دوکمەکەمان بە یەک جار کلیک هەڵبژاردبێ، دەتوانین ناوەکە بگۆرین ! ئاوا... ناوەکە هەروەک هەرمێ پێشنیاری کرد ،دەیکەین بە دەنگ!



ئێستا زۆر باشە ! تۆخوا با هەر ئێستێ ستارتی بکەین و بزانین چۆنە و چ دەبێت ؟



F5 دیارە . هەروەک کوتمان یا کلیکێک لەسەر دوکمەی ستارت و یا بە
دەتوانین ستارت بکەین !



ئەمن کلیک دەکەمە سەر دوکمەی دەنگەکە .



حەی!...خۆ ئەوە هیچ دەنگێکی لێوە نەهات !



دەیجا دیارە دەنگی لێ نایە ! ئەگەر ورد بیری لێ بکەنەوە ، ئێمە هەر لە سەرەتای کار دا گوتمان کە هەر کار و کردەوە و ئاڵوگۆڕێکی کە بمانەوێ پێکی بێنین ، دەبێ بە شێوەزمانی کامپیۆتەری بە بەرنامەکەمانی ڕابگەیەنین. ئەم شێوەزمانە لە جیهانی کامپیۆتەری دا
(کۆدی پرۆگرام)ی پێ دەگوترێ.



کۆدی پرۆگرام ؟!... ئەوە چییە !!



کۆدی پرۆگرام ،نووسراوە یا ڕەمزێکە کە بەرنامەنووس دەبێ بینووسێ تاکوو دوای سازبوونی بەرنامە، کارەکەی بەرهەمێکی هەبێت و بەرنامە بێتە کارکردن.



دەی ئیستا ئێمە چوون و لە کوێ دەبێ ئەم کۆدەی پێ بدەین ؟



گوێ بگرن با پێتانی بڵێم: بۆ ئەوەی دوکمەی دەنگەکەمان بێ دەنگ نەبێ و بتوانین وەدەنگی بێنین ، بەم چەشنە **کۆدی پرۆگرام** ـ ی پێ دەدەین :

دوو جار کلیک لەسەر دوکمەی **دەنگ** دەکەین کە پەنجێرەیەکی نوێ دەکرێتەوە . لەو پەنجێرەیەدا ئەو نووسراوەیەی تێدایە :

```
Private Sub Command1_Click()

End Sub
```

ئەو کۆدەی کە ئێمە بۆ دانانی دەنگ بە بەرنامەکەی دەدەین،ئەمەیە :

```
Beep
```

ئێستا دەبێ ئەو کۆدە لەنێوانی دوو خەتی بەرنامەکەدا بەم جۆرە بگونجێنین :

```
Private Sub Command1_Click()
Beep
End Sub
```

پەنجێرە تازەکە دادەخەین و ئەمجار بە ستارت تاقی دەکەینەوە تاکو بزانن ئایا دەنگی لێ دێ یان نا !



تۆخوا بزانین دەنگی لێ وەدێ !



لێمگەڕێ من تاقی دەکەمەوە ! ئاااا دەنگی لێ دێ !!!



وەی وەی خۆ دەنگی لێ هات !! ڕێگام بدە م تا منیش جارێکی تاقی کەمەوە !

## کۆدی پرۆگرام چییە !

هەر زمانێکی کامپیوتەری بۆخۆی کۆدی پرۆگرام ی تایبەت بەخۆی هەیە . بۆ ئەوەیکە هەر بەشەی بەرنامەکەمان کاری پێ سپێراوی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت،پێویستە ئەو کۆدانە لە جێی تایبەتی خۆیان دا بنووسرێن .

ئێمە لێرەدا لەگەڵ یەکەمین کۆدی (دەنگ) پرۆگرامی بەیزیک ئاشنا بووین . دیارە ئەو پرۆگرامەش وەک پرۆگرامەکانی تر بۆ هەر عەمەلێک، کۆدێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە ئێمە لە ماوەی ئەو نووسراوەیەدا هێندێکیان دەناسێنین .



جوانە ! ئاخرەکەی هەوەڵین بەرنامەی خۆمان نووسی !



وایە ! بەڵام ئەگەر بە دەقیقی تەماشای بەرنامەکە بکەن دەبینن کە ناتەواوی تێ دایە !



ناتەواوی !!! چ کەمییەکی هەیە ؟



هەموو بەرنامەیەکی ئاسایی لانی کەم دوکمەیەکی هەیە کە ئەگەر ویستت بەرنامەکە تەواو کەی ، بتوانی پێی بچییە دەرێ !



ئەوە شتێکی زۆر گران نییە ، چونکوو ئێمە ئەلان دەزانین چلۆن دوکمە دروست دەکرێ !
هەڵبژێرین و CommandButton دەبێ لە ناو لیستی ئەبزار وێنەی
دوو جار بە مشکەکە کلیکی بکەین تا دوکمەیەکی تازە بێتە ناو بەرنامەکەوە !
ناوی دوکمەکەیە کە پرۆگرامەکە ئۆتۆماتیک ئەو ناوەی لێ ناوە . Command 2



**هەمووی راستە ! بەراستی زیهنت زۆر باشە . وادیارە من مامۆستایەکی زۆر باشم و بۆ خۆم نەمزانیبوو !
مەسەلێکی ئاڵمانی هەیە دەڵێ : *  خۆمەڵکێشان بۆگەنی لێوەدێ*  هەتا بۆگەنی لێ نەهاتووە با بگەرێینەوە سەر بەرنامەکەمان .
جا هەر وەک دوکمەکەی پێشوو دەتوانین ناوەکەشی بگۆرین . ناوی دینێن تەواو .**



**بۆ گۆرینەکەی وەک لە بیرم مابێ دەبێ یەکجار بە دۆکمەی چەپی مشکەکە لەسەر دۆکمەی تەواو کلیک بکەین و لەژێر پەنجێرەی تایبەتمەندی دەتوانین ناوەکە بگۆرین!**



**بابە وەڵلا هەمووی وایە ! لێم گەرێن با خۆ هەلکێشم !!!
منداڵینە ئەوەشم لەبیرچوو پێتانی بڵێم ! ئێمە دەتوانین جێگای دوکمەکان بە ئیشتیای خۆمان بگۆرین .
بۆ ئەو مەبەستە دەبێ بە دۆکمەی چەپی مشکەکە وێنەکە(دۆکمەکە) بگرین و بۆئەو جێگایەی دەمانەوێ رایکێشین !
لە ئاخرەوە کۆدی تەواو بوونی بەم جۆرە تێدا دەنووسین :
دوو جار کلیک لەسەر دوکمەی تەواو دەکەین کە پەنجێرەیەکی نوێ دەکرێتەوە .**

```
Private Sub Command1_Click()
End Sub
```


**کۆدی تەواو بوون لە پرۆگرامی بەیزیک دا ئەوەیە :**

```
End
```

**ئێستا دەبێ ئەو کۆدە لە بەینی دوو خەتی بەرنامەکە بەو جۆرە بی گونجێنین :**

```
Private Sub Command1_Click()
End
End Sub
```

**پەنجێرە تازەکە دادەخەین و ئەمجار بە ستارت تاقی کەنەوە بزانن تەواو عەمەل دەکا ؟!؟! (وێنەی 12 )**




12